# وەزیری نەوتی عێراق:پێداچوونەوە بە گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێم دەکەین

وەزیری نەوتی عێراق ئەوەی ئاشکراکرد، لە گفتوگۆدان بە پێداچوونەوە بە گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێم و پلانیان هەیە بە گواستنەوەی وزەی خاوێن.

حەیان عەبدولغەنی، وەزیری نەوتی عێراق لەمیانەی بەشداریکردنی لە شەشمین کۆنفرانسی نەوەوەتیی دیالۆگ لە بەغداد رایگەیاند "بەهۆی بڕیاری دادگای پاریس هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان راگیراوە و لەگەڵ حکومەتی هەرێم لە گفتوگۆداین بە دەستپێکردنەوەی هەناردەی نەوتی کوردستان".

ئەوەشی خستەڕوو، "لەگەڵ کەمپانیاکان لە گفتوگۆداین بە پێداچوونەوە بە گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان و کشانەوەی کەمپانیاکان پاڵنەری ئابووری نەوەک سیاسی".

وەزیری نەوت دەشێت، "بەغداد رۆژانە چوار ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەمدەهێنێت و پلانەکان بە گواستنەوەی وزەی خاوێن خراونەتە بواری جێبەجێکردنەوە".